کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:34 9-6-2007

## تورکیای شەڕ فرۆش بەغدایەکی بێ هەڵوێست ... بەناز کوێستانی

ماوەیەکی زۆرە لەناوەندە سیاسی و فکریەکان و هەروەها لەناو جەماوەریشدا مقۆمقۆی ئەوە هەیە کە



تورکیا هێزەکانی خۆی لەسەر سنوری هەرێمی کوردستان لەزاخۆوە نزیك کردۆتەوەو چەند جارێکیش هێزەکانی دزەی کردۆتە ناو خاکی کوردستانەوەو یاخود تۆپ باران و موشەك بارانی خاکی هەرێمی کوردستانی کردووە، کەئەمەش لەیاسای نێو دەوڵەتیدا، بەزاندنی خاڵی سنوری نێوان دوو دەوڵەت و دەستدرێژی کردنە سەر خاکی هاوسێکەیەتی، لەم کاتەدا دەبێت، هێزەکانی پاراستنی هەرێم وەك قەڵغانێکی بەهێز ڕووبەروویان بوەستنەوەو، لەهەمان کاتیشدا هێزە نێو دەوڵەتیەکان و دەسەڵاتە زلهێزەکانی ناوچەکە، دەستیان هەبێت لەدەستنیشانکردنی بەزاندنی خاڵە سنوریەکان و لەهەمان کاتیشدا، هەر بەپێی یاسا نێو دەوڵەتیەکان بەرپەرچی ئەو تۆپ باران و هەڕەشانە بداتەوە کە دەکرێتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان، بەلام لەبەر ئەوەی لەمرۆی سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا، تەنها بەرژەوەندی و خواستی دەوڵەتان ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لەناوچەکەدا، بۆیە دەبینین کە هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆیان لەئاست ئەم کێشەیە کەڕ کردووە، بەشێوەیەکی جدی سەیری ناکەن و هەڵوێست وەرناگرن، تەنانەت حکومەتی مەرکەزی عیراقی، کەهەرێمی کوردستان بەپارچەیەك لەخۆی دادەنێت زۆر بێ هەڵوێستانە دەڕوانێتە کێشەکان و تائێستا هەڵوێست و گوتەیەکی جدی سەرۆکی وەزیران لەم بارەیەوە نەبووە.

هێزی هاوپەیمانان بەگشتی و هێزی سەربازی ئەمەریکی بەتایبەتی لەدوورەوە دەڕواننە ڕووداوەکان، کەچی خۆی لەخۆیدا ئەمە فرسەتێکی باشە بۆ دەست وەشاندنی ئەمەریکا لەتورکیا هەر هیچ نەبێت بۆ تۆڵەکردنەوەی لەوەی کەنەیهێشت بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکی لەتورکیادا هەبێت، بەڵکو دوای چەند جار دزەکردنی هێزەکانی تورکیا بۆناو خاکی هەرێمی کوردستان، تازە بەتازە وەزیری بەرگری ئەمەریکی ڕۆبەرت گەیتس لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەسەنگافورە دەڵێت: نابێت تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش بەشێوەیەکی یەك لایەنە، بۆئەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکیا تێك نەچێت، بەڵکو دەبێت ئەو کێشەیە لەسەر خاکی تورکیا چارەسەر بکرێت.

باشە دەبێت تورکیا چی کێشەیەکی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێت، جگە لەشەرفرۆشتن بە هەرێمی کوردستان و دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی بڕیاری 140دا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.